www.kurdistannet.org
3-3-2007 13:17 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەڵبجەتان کردە زوخاڵ ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا
halabjayi@hotmail. Com




باخی عومرم لە وەرینەو
زۆر ئەستەمە لەم دورەوە
تۆی نۆزدە ساڵ. . .
لە خوێن سوورو
بێ بەهارو
بێ هاودەم و
بێ مەزارم
بتلاوێنم
هەڵەبجەی یەک پارچە زوخاڵ. . .
تا ئێستاکەش
چاوم هۆن هۆن
ئەسرینی لێ دێتە خوارێ. .
بۆ ئەو مەرگەت، بە مەرگیشم
ئێشت لە دڵم دەر ناچێ. .
نەم دی بەهار لە پاش مەرگت
مژدە بێنێت
مژدەی تەقینی کانیەک
بۆ عاشقانی (کانی عاشقان)
کۆڕی زکرێ بۆ خەڵوەتی پیری پیران
فەرشی سەوزێ
بۆ (مۆردانە) ی چاو پڕ گریان.
مەندیلێکی پاک و سپی
بۆ سەر بەرزی (شنرویێی)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لوتکە بڵندی هیوامان...
لەو ساوە هاوین تۆراوە
کە بەهارت تیا خنکێنرا
دەخڵ و دانمان وەک تەمانمان
هەمووی درا بەدەم با وە
نۆزدە ساڵە هەر هاوینمان
وشکە ساڵی و قڕانیە...
خەم و حەسرەتە ژیانمان
بێ کابانە ماڵی چۆڵمان
لە (بامۆک) ۆ تا پەڕی شار
لە (گولآن) ۆ. تا. (شەهیدان)
لە هەچ شوێنی کە ڕوو دەکەیت
ئاه و نزولە و زاریە...
ئای بۆ پایزانی ئەوسات
چەندە وەرزێکی دلگیر بوو.
(باخی میر) و (باوەکۆچەک)
یەک پارچە نوقمی حوزن بوو.
گەڵای زەردی ئەو ساڵانە
بۆئێمەی تازە قەڵەم دەست
هاوڕێمان بوو
ئیلهامان بوو
بۆ هەڵبەستێکی پڕ لە هەست
هەتا ئێستاش
لە پاش مەرگت
زستانێ نەهاتە لامان
ئەو ساڵانەمان بۆ باس کات
شەختەو باران
تەم تومانی سەر چیاکان
سەرماو سۆڵی سەر شۆستەکان
ڕێگە گر بن، لەمەجلیسی گەرمی گەنجان
لە پیاسەیەکی سروشتی دەم (حەمەوغان)
چوار وەرزەی ساڵ
لەنێو ئەم هەموو کەسانە
بۆ بیکەسی تۆیە دەگرین...
دوای نۆزدە ساڵ ئاوەدانی
دونیای جوانی دیموکراسی
نەیان هێشت و هەر نەیان هێشت
ئەسرینی دوو چاوت بسڕین...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوانێ پەیمان و بەڵێنتان؟
کوانێ هەموو ئەو سوێندانەی
بە ئەنفال و
بە گەرمیان و
شەهیدان و
بادینان و
کوردستانتان؟؟
(هەڵەبجە دەکەینە بوکی هەموو جیهان
لە شانزەی سێی ئەمساڵتان)

نۆزدە ساڵە
شانزەی سێ هەر دێت و دەچێت
بەردەوام هەرلە پەیماندان!!!
شەرمەزاری شانزەی سێ بن
حەشا لە شۆڕش و خەباتان. !!!

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.